# پرشنگی سرووشت

## لە دوایین پیشانگای جەوهەر محەمەد عومەر

جەوهەر محەمەد عومەر، شای نیگاری سرووشتە، ئەمڕۆ نا، بەڵکو ساڵانێکە ئەم راستییەی سەلماندووە. سیحری جوانی و شکۆ، وردەکاری و شەبەنگی رەنگی سرووشتی لە زەینی خۆیدا کێشاوە (بگرە جێگیر کردووە)، بۆیە کە دەست دەداتە کەرەستەی کارکردنی، ئیدی سرووشت بە هەموو وردەکارییەکی خۆییەوە ئامادە دەبێت، ئینجا بە سەر تەختایی تابلۆدا دەنەخشێ.



ئا/ تاریق کاریزی

ویستم ئەو بڕوایەی خۆم تاقی بکەمەوە، کە تابلۆی ئەم نیگارکێشەی کوردستان تایبەتە و وابەستە بە ژینگەی خاکی کوردستانە. لە ئینتەرنێت لە هەردوو بواری سرووشت و چیادا، بە دوای تابلۆدا گەڕام. بەڵێ، بە هەزاران تابلۆ هاتنە سەر شاشەی لاپتۆپەکەم، هیچ تابلۆیەکم نەدی وەك ئەوانەی جەوهەر محەمەد عومەر بن.

ئەمە چ دەگەیەنێت؟

لە چوارچێوەی ئەم دوو خاڵەی دادێن، دەکرێ لە کرۆکی وڵامی ئەو پرسیارەی پێشوومان نزیك ببینەوە:


یەك: ئەم هونەرمەندەی کوردستان شێوازێکی تایبەت بە خۆی لە نیگاری سرووشتدا ئەفراندووە، ئەم شێوازە زادەی کاری دەیان ساڵی ئەوە، دواجار دەکرێ وەك ڕێچکەیەکی کوردی لە هونەری شێوەکاریدا لێی بڕوانین.

دوو: سرووشتی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بە سرووشتی هیچ وڵاتێکی دی ناچێت، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بە هونەرمەند داوە، فۆرمێکی تایبەت، ڕەنگی تایبەت و تانوپۆی تایبەت بە تابلۆکانی بدات.

بە بڕوای من، هەر تابلۆیەکی ئەم هونەرمەندە دارای ئەوەیە یەك وتاری لە سەر بنووسرێت، کە ئەو دەرفەتە نییە، قسەکردنمان بۆ چەند لایەنێکی گشتیی بەرهەمەکانی تەرخان دەکەین. با ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە هەر تابلۆیەکی بە پێی گۆشە و کەنارەکانی، ئەوەی لەباردایە بکرێتە چەند تابلۆیەك.

تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە (بە گشتی) دابەش دەبنە سەر سێ ڕووبەری ئاسۆیی (ئاسمان، چیای بڵند، لاپاڵ و دەشت و دۆڵ). ئاسمان بە هەور و هەتاو، بە هارمۆنیایەکی ئارامی هەمەجۆر و ڕەنگ پڕ دەکاتەوە. دووەمین ئاستی کار کردنیشی چیایە، چیا لە نزیکدا تێر ڕەنگ و لە دووردا تەماوی خۆی دەنوێنێت، ڕووبەری چیاش بەفر و سەوزایی و شاخی ڕەق و دارستان دەیتەنێتەوە. لە سێیەمن ئاستدا ئیدی وردەکاری دەست پێ دەکات، ڕواڵەتەکانی ئاستی سێیەم زۆرن، بۆ نموونە گوند، کانیاو، جۆگە، گیانداران، دار و درەخت، گۆل، ڕێ و ڕێچکە و شتی دیکەش.

ڕوونی لە جیاکردنەوەی فیگەرەکان بەرجەستەیە، کە تێکڕا لە نێو یەك بازنە (سرووشت)دا دەخولێنەوە، واتە هەردەم (چیا، لاپاڵ، شیو، ئاسمان، گوند و گەلێك شتی دیکەی ورد) لە تابلۆکاندا دووبارە دەبنەوە، بە ڕەنگی تێر و تیرە زۆر گەش خۆ دەنوێنن، ئەگەرچی ساتەوەختێ کە دۆخی تابلۆی ئەم هونەرمەندە دەیخاتە ڕوو، هەردەم ڕۆژە، بە زۆرییش دانی بەیانی، یان نیوەڕۆیە، بۆیە دیمەنی تابلۆ ڕوون خۆی دەنوێنێت، هەندێك جاریش دیمەنی دەمەو ڕۆژئاواش لە تابلۆکانیدا دەبینی، کە دیمەنی تابلۆ تارمایی تاریکییەکی کەم باڵی بە سەردا کێشاوە، بەوەی لەم دۆخەدا ئاراستەی تەماشاکردن بەرەو ڕۆژئاوایە، ئیدی لە تابلۆی لەم جۆرەدا تارمایی تاریکی باڵادەست دەبێت.



هەردەم تابلۆکان کەش و ژینگەیەکی پاك و بێگەرد و بێ تۆز پیشان دەدەن، ئەمە خەسڵەتی ڕەسەنی وڵاتی کوردەوارییە، کە هێشتا دووکەڵ و پاشماوەی کاربۆن بێگەردییەکەی نەڕووشاندووە، بە تایبەتی لە نێو چیاکانی کوردستاندا.



هونەرمەند هێندە وردەکارانە دەچێتە نێو دیمەنی سرووشتەوە، شفرەش بۆ گواستنەوەی ڕەنگ لە پالێتەوە بۆ سەر ڕووبەری تابلۆ بەکار دەهێنێت، بەم جۆرە بە سەدان بەڵگەنامەی ستاتیکی دەخاتە ڕوو، هەموو ئەو بەرهەمانەش دەبنە ڕێچکەیەك لە گوتاری دیدەیی ناسنامەی جوگرافیا و، سرووشتی نیشتیمانێك دەنوێنن.

پێشتر گوتبووم، دوو ڕێچکەی (تەکین) و (سنە) لە مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردستاندا جێی خۆیان کردووەتەوە، ڕێچکەی تەکین لە باکوور و ئەوەی سنەش لە ڕۆژهەڵات (ڕێچکەی جەوهەر)یش لە باشوور دێتە پاڵیان.

بە دڵنیاییەوە ئیدی بە کردنەوەی سێزدەمین پیشانگای تایبەتی خۆی، جەوهەر محەمەد عومەر دەبێتە خاوەن ڕێچکەیەکی تایبەتی هونەر، کە سرووشتی کوردستان کرۆك و ناوەرۆکیەتی. بەکار هێنانی ڕۆن و ڕەنگ، بە چڕی ڕەچاوکردنی بنەمای ئەکادیمی (ڕوانگە، تویکاری. هتد) لە هونەری نیگاردا، بازنەی کار و مانۆری ئەم (ڕێچکەی جەوهەر)ەیە.





# کارینا دوژمنی زۆرە

کارینا کاپور یەکێکە لە ئەستێرە سینەماییەکانی بۆلیۆد، کە زیاتر لە هەموو ئەکتەرەکانی دیکە سەرنجی بەرامبەر بۆ خۆی رادەکێشی، بۆیە هەر جۆرە جلێك بپۆشێت، سەرنجی خەڵك رادەکێشی و خۆیشی بە باشی درك بەوە دەکات.

زۆر لە چاودێرانی بواری سینەما دەڵێن: کارینا کاپور زۆر جار بە ئەنقەست وا دەکات کە سەرنجی خەڵك رابکێشێت، بۆیە زیاتر رەنگە سەرنجڕاکێشەکان دەپۆشێت، لەوانەش رەنگی سوور، کە زۆر جار لە بۆنە تایبەتەکاندا بەو رەنگەوە دەردەکەوێت و زۆریش حەز لەو رەنگە دەکات. بەم دواییە لە ئاهەنگێکی تایبەت بە هاوڕێیەتیی ژمارەیەك ئەکتەری ناسراوای هیندیدا دەرکەوت، لەم ئاهەنگەدا کارینا سەرنجی هەموو لایەکی بۆ خۆی راکێشا و، رایگەیاند: کە هەر لە منداڵییەوە زۆر حەز لە رەنگی سور دەکات، ئەمەش هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە سەرنجی خەڵك بۆ خۆی رابکێشێت، یان بە شێوەیەکی وروژێنەر دەربکەوێت، ئەوانەشی ئەم جۆرە پڕوپاگەندانە بڵاو دەکەنەوە، دەیانەوێ ئاستەنگ لە بەردەم سەرکەوتنەکانم دروست بکەن، بەتایبەتی کە ئێستا فیلمەکانم لەسەر ئاستی جیهان جەماوەرێکی زۆریان هەیە، بۆیە بە هاوکاریی چەند دەزگایەکی میدیای جیهانی هەڵمەتێکیان دژی من دەستپێکردووە و بە وروژاندن و سەرنجڕاکێشان تاوانبارم دەکەن.



# براد پێت لە پێناو ژینگەدا واز لە سابوون دەهێنێت

ئەستێرەی سینەمای ئەمریکی «براد پێت» بڕیاریدا لەمەودوا چیتر بۆ شوشتن سابوون بەکارنەهێنێت و، لە جیاتی ئەو تێکەڵەیەك لە لیمۆ و سێو و سرکە بە کاربهێنێت، ئەمەش وەك هەنگاوێك بۆ پاراستنی ژینگە.

گۆڤاری (دەیلی ستار)ی بەریتانی لە سەرچاوەیەکی نزیك لە براد پێتی گواستەوە، دوای ئەوەی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا براد بابەتی زۆری خوێندەوە دەربارەی زیانەکانی سابوون و ئەو ژەهرە زۆرانەی لە خۆد دەگرێت، بەتایبەتی دژە بەکتیریاکان و کەرەستەکانی دژی ئارەقەکردن، بۆی دەرکەوت کە ئەو کەرەستانە زیان بە ژینگە دەگەیەنن، هەروەها دەبنە هۆی زوو پیربوونی مرۆڤ، بۆیە بڕیاریداوە بە یەکجاری لێیان دووربکەوێتەوە و لە جیاتی سابوون تێکەڵێك بەکار بهێنێت کە لە لیمۆ و سێو و سرکە و ئاو پێکهاتووە، هەرخۆیشی لەماڵەوە ئەم گیراوەیە ئامادە دەکات.

هەمان گۆڤار سەبارەت بە هەڵوێستی ئەنجلینا جۆلی دەربارەی ئەم رەفتارەی براد رایگەیاند: ئەنجلینا زۆر لەم رەفتارەی براد رازی نییە و بە ئاشکرا پێی راگەیاندووە، بەڵام داواشی لێ نەکردووە کە ئەم کارە نەکات.

جێگای ئاماژە بۆکردنە کە ئێستا براد بۆ تۆمارکردنی فیلمێکی نوێ بە ناوی (فیوری) لە لەندەنە، هەروەها ئەنجلیناش بۆ رێکخستنی کارەکانی دووەمی فیلمێکی خۆی وەك دەرهێنەر، دوای سەرکەوتنی لە کاری یەکەمی ئێستا لە ئوسترالیایە.






# مادلین عاشقی بۆنی فەرەنسییە

هونەرمەندان و ئەستێرەکانیش وەك هەر کەسێکی دیکەی ئاسایی حەز و ئارەزوویان لە شتی سەیر و سەرنجڕاکێشە، زۆر جار ئەم حەزەشیان دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی کەسانی ئاسایی، یان ئەوانەی هەواداری دەنگ و کارە هونەرییەکانیانن.

مادلین مەتەری گۆرانیبێژی شۆخ و شەنگ و سەرنجڕاکێشی لوبنانی، زۆر حەز لە زانینی نوێترین هەواڵی جلوبەرگ و مۆدێلەکانی دەکات، بەتایبەتی ئەوەی لە خانە ناودارەکانی پاریس دەردەچن، بەڵام لەوە سەیرتر ئەوەیە کە خۆشەویستییەکی بێ سنووری بۆ کڕینی نوێترین جۆری (بۆن)ـەکان هەیە، بەتایبەتی لە مارکە ناودارەکان ئەگەر نرخیشیان زۆر گران بێت، ئەوا باکی نییە و خۆی بێبەش ناکات لە کڕینیان، لەم بارەیەوە مادلین دەڵێت: «هەموو هونەرمەندێك بەتایبەتی ئافرەتە هونەرمەندەکان پێویستیان بەوەیە لەرووی دەرکەوتن و پۆشینی جلوبەرگەوە بێ وێنە بن، چونکە جگە لە سازکردنی کۆنسێرت و ئاهەنگ، ئێمە بەردەوام لە بۆنە و فیستیڤاڵەکاندا بەشداری دەکەین و دەردەکەوین و پێویستە دەرکەوتنمان تا رادەیەك جیاواز بێت لە خەڵکی ئاسایی، چونکە ئێستا میدیاکان گرنگییەکی زۆر بە دەرکەوتنی هونەرمەند دەدەن و بچووکترین هەڵە، یان دەرنەکەوتنی بە جوانی دەقۆزنەوە، بۆ ئەوەی بیکەن بە بابەتی رۆژ»، مادلین زیاتر دەڵێت: «جگە لە جلوبەرگ من عاشقێکی سەرشێتی بۆنم، هەر بۆنێك کە دەرچوو، من هەوڵ دەدەم دەستم بکەوێت، بۆیە ئێستا بە سەدان شووشەی بۆنم کۆکردۆتەوە، بەتایبەتی بۆنی فەرەنسی.

# هونەرمەندان داوای یەکڕیزی دەکەن

**بە درێژایی مێژووی گەلەکەمان هونەرمەندان لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا بەشێکی زیندوو بوون، هەمیشە تێکستی شاعیرانیان هۆنیوەتەوە و لە سەرکەوتنەکانی میللەتدا هەستی خۆشی و شادیی خۆیان دەربڕیوە و لە کاتی نسکۆشدا بۆ بەرزکردنەوەی ورەی گەلەکەیان ئیلهامبەخش بوون، هونەرمەندانی کوردیش بۆ بە زیندووهێشتنەوەی گیانی مقاوەمەت و بەرخودان و ورەی پێشمەرگە قارەمانەکان هەمیشە پێشمەوگەی قەڵم بوون، هەر کاتێکیش وڵات کەوتبێتە بەر مەترسی و هەڕەشەی تیرۆریستان و دوژمنان، ئەوا پێشەنگ بوون لە بەرگری کردن لەو وڵات بە گۆرانی و مۆسیقایان، لە ئێستادا کە کوردستان بە گشتی بە قۆناغێکی هەستیار گوزەر دەکات، هونەرمەندان بڵندگۆی بانگەوازی یەکریزی و تەبایی هێز و لایەنە سیاسییەکانن.**



ئیبراهیم حەکیم:

## کوردستان هەر سەردەکەوێت و تاکە زامنی سەرکەوتنمان یەکگرتوویی و تەباییمانە

هونەرمەند (ئیبراهیم حەکیم) وەك یەکێك لە ناوە هەرە دیار و بەرچاوەکانی نێو دراما و سینەما و شانۆ، بە دڵێکی پڕ لە زامەوە دەڵێت: «ئەنفال و کیمیاباران نەیانتوانی ناسنامەی کوردبوونمان بسڕنەوە» ئیدی لەو مەرگەش مەترسن کە لە ڕێگەی خاکە، پێویستە هەموان پێکەوە بجەنگین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەی تینووی خوێنی ڕۆڵەی کوردن، نابێ بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بدەین ڕۆژئاوا بکەوێت، دەبێت ئاڵای کوردستان بکەین بە چەقڵی چاوی دوژمنانمان. کەی ئێمە لە مردن ترساوین و خۆمان لە مردن لاداوە؟ ئێمە ڕۆڵەی وڵاتی پێشمەرگەین، بەعس و داعش و تیرۆر نەیتوانی بەرگەی گورزی قارەمانانی ئەو گەلە بگرن، بۆ لەو مەرگە بترسین کە لە پێناو خاکدایە، وەك هونەرمەندێك داواتان لێ دەکەم دەست لە ناو دەست بن، ڕۆژ ڕۆژی مەردایەتییە، هەموو دونیا بینییان کە فریشتەکانی ڕۆژئاوا چەندە بە جەرگن بۆ داکۆکیی لەو خاکە پیرۆزە، بۆیە دڵنیام گەلی کوردستان هەر سەردەکەوێت و تاکە زامنی سەرکەوتنیشمان یەکگرتوویی و تەباییمانە.



جوان حاجۆ:

## شانازی بە ڕابردووی خۆمانەوە دەکەین

(کورد نامری. بەڵێ سەردەکەوێت) دەبێ هەموو جیهان بێنە سەر هێڵ و ڕێگری لەو داگیرکارییە بکەن، ئێمە گەلێکین تەنیا گوناهمان ئەوەیە کە کوردین، تا بە ئەمڕۆش دەگات کوردبوونمان خۆشیی ژیانی لێ زەوت کردووین، لە هەر چوار پارچە خوێنمان لێدەچۆڕێ و لەوەتەی هەین جینۆساید دەکرێین و قڕ دەکرێین، بەڵام هەر نامرین و بەپێوە دەوەستین.

وەك کوردێك، شانازی بە ڕابردووی خوێناویی خۆمانەوە دەکەین، بەڵام دەبێت گەلانی جیهان لەوە تێبگەن کە ئێمە شایەنی ئەو ئازاردانە نین و دەبێت بەزوویی بێنە سەر هێڵ و ڕێگری لەو داگیرکارییە بکەن کگە لە ڕۆچئاوا دەگوزەرێت.



ئالین:

## به یەكگرتن شكست به دوژمنان و پیلانەكانیان دەهێنین

هەر چوار پارچەی كوردستان جیاوازییان نییە، خۆشی و ناخۆشی و دەرد و مەینەتییەكان لە هەر پارچەیەكی كوردستان، خۆشی و ناخۆش و مەینەتیی منن، بەڵام لە ئێستادا رۆژئاوای كوردستان سەرچاوەی خەم و ناخۆشییە بۆ من، بەتایبەتی دوای ئۆپەراسیۆنەكانی ئەم دواییەی داگیركاران، بۆیە ئەوەی لە توانامدا بێت بۆ رۆژئاوا ئەنجامم داوە، لێرەوە داوا لە گشت هێزەكانی رۆژئاوای كوردستان دەكەم لە یەك نزیك بن و كاتی خۆیان بۆ برایەتی و یەكریزی تەرخان بكەن، چونكە چەند یەكگرتوو بن ئەوەندە لە سەركەوتن نزیك دەبینەوە و شكست بە دوژمنان و پیلانەكانیان دەهێنین و وڵاتمان ئارام دەبێت.

هیوادارم گشت هێزە كوردستانییەكان لە هەموو پارچەكانی كوردستان گوتاریان یەك بخەن و یەكگرتوو بن، بەتایبەتی كوردانی رۆژئاوا، چونكە ئەوان بە كاتێكی هەستیار وناسكدا تێپەڕ دەبن و باشترین چارەسەر بۆ گرفتەكانیان لە ئێستادا یەكگرتن و هاوكاری كردنی یەكترە، هیوای ئازادی و ئاوەدانی بۆ گشت پارچەكان دەخوازم.



ناجی سەلیمی:

## یەكگرتوویی كورد لە هەموو روویەكەوە زەرورەتێكە و پێویستە بە وردی كاری بۆ بكرێت

ئەوەی لە رۆژئاوا روودەدات، بە تەواوەتی پێچەوانەی پرەنسیپ و بنەماكانی مافی مرۆڤە و بە تەواوی ئەو چەمكانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، مەگەر ئێمەی كورد مرۆڤ نین! بە داخەوە وڵاتە زلهێزەكانی دنیا كوردیان كردە قوربانیی بەرژەوەندییەكانی خۆیان و بە هیچ شێوەیەك قوربانییەكانی كوردیان لەبەرچاو نەگرت، كە لە جەنگی دژی تیرۆریستانی داعش پێشكەشیان كرد، ئەوكات دەیانگوت كورد لە بری جیهان شەڕی تیرۆر دەكات و دواتریش پشتیان تێكردین، بەڵام ئیرادەی خێرخوازان هەر سەردەكەوێت، ئەگەر وڵاتان بۆ بەرژەوەندییەكانی خۆیان كوردیان پشتگوێ خستبێت، ئەوا میللەتان و وڵاتانی ئازادیخواز پشتگیرییان لە كورد كرد. لێرەدا یەكگرتوویی كورد لە هەموو روویەكە زەرورەتێكە پێویستە بە وردی كاری بۆ بكرێت.



شڤان پەروەر:

## دوژمن هەرگیز نایەوێ بە ئازادی هەناسە بدەین

ئەمرۆ رۆژی یەكریزی و یەكدەنگیی كوردە، نابێ بهێڵین لەژێر حوكمی حزبایەتیدا رۆژئاوا بكەوێت، بەڵكو دەبێت هەمووان پێكەوە دەست لە ناو دەست بەرگری لە برایانمان بكەین لە هەر پارچەیەكی كوردستان كە پێویست بێت، چونكە ئێمەی كورد گەلێكی ستەم دیدەین و رابردوومان پڕە لە قوربانیدانی گەورە، دوژمن هەرگیز نایەوێ بە ئازادی هەناسە بدەین، بۆیە نابێ رێگە بدەین كە شەرمەزاری منداڵ و نەوەی داهاتوو بین، ئێمە هیچ كات لە هەڕەشەی دوژمن نەترساوین و لە مردنیش رامان نەكردووە، بەڵكو گەلانی دنیا شایەتحاڵی چاونەترسی و ئازایەتیی كوردن، بۆیە با بەیەكەوە پشتیوانی لە رۆژئاوا بكەین و دژی داگیركاری بوەستینەوە.